میدیای فەرمی ئێران شەهیدبوونی عەلی خامنەیی پشتڕاست کردەوە

میدیای فەرمی ئێران، بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە 1ـی ئاداری 2026، بە فەرمی هەواڵی شەهیدبوونی ئایەتوڵڵا عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای کۆماری ئیسلامی ئێرانی لە ئەنجامی هێرشکی هاوبەشی ئەمریکا و ئیسرائیلدا ڕاگەیاند.

هاوکات ئاژانسی "فارس"ی ئێرانی لە زانیارییەکی بەپەلەدا ئاشکرای کرد، کە خامنەیی لەناو نووسینگەکەی خۆیدا لە تاران کوژراوە.

هەروەها حکوومەتی ئێران ماوەی 40 ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە سەرتاسەری وڵات ڕاگەیاند. هاوکات بەیاردرا بە ڕاگەیاندنی 7 ڕۆژ پشووی فەرمی و سەرتاسەری لە سەرجەم دامودەزگاکانی دەوڵەتدا.

میدیای فەرمی ئێران لە پەیامکدا هەشداری دا و ڕایگەیاند: کوژرانی خامنەیی بە وەڵام نابێت و تۆڵەیەکی سەخت چاوەڕوانی ئەنجامدەرانی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە، ئەنجووومەنی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران لە راگەیەندراوەکدا جەختی کردەوە، کە ئەم رووداوە نابێتە هۆی پاشکشە، بەڵکوو دەستپێکی راپەڕینێکی گەورە و مێژوویی دەبێت لە ناوچەکەدا.

لەسەر ئاستی هەرەمیش، موقتەدا سەدر، رەبەری رەوتی نیشتمانیی شیعە، وەک هاوخەمییەک بە ئەم رووداوە، 3 رۆژ ماتەمینی گشتی لە عێراق راگەیاند.

سوپای پاسدارانیش لەو بارەوە ئاماژەی داوە، تەڵە لە بکوژانی خامنەیی دەکێنەوە و بە پەداگریەوە کاروانی خامنەیی تەواو دەکێن